# كەلەپچەیەك بەكراوەیی

## زنجیرێك لەوێ بەجێما

سەلام عومەر

غاندی دەیویست شەقام‌و
هەموو جیهان بێ پۆلیس بێ
بەندیخانەكان بۆ باخچەو..
ئیدی كۆیلە دیل نەمێنێ
غاندی ویستی هەمووومان...
لەدڵدا وەك پەپولە بین
ئەوكاتەی بەندیەك دەگری
كەلەپچەكان بكرێنەوە...
زنجیرەكان هەڵبوەشێن..
بۆ روخانی سێدارەكان..
دژی جیاوازی‌و ژێردەستی
هەر هەمومان لەجوڵە بین
×××
ئاخر ئەو ..
غاندی ماندو و خوێن شیرین
بەنێو تاوانەكاندا هات
دیلی پرچی سپی كردو
زۆر سەیر بوو شەهید نەبوو!
زنجیری پێی...
لەبەندیخانە بەجێهێشت
بیرەوەریەكانی هەڵگرت‌و

چیرۆکە ترسناکەکانی
پێ نوسیەوە،
بەنێو رۆمانی دایکو
رۆژە توشەکاندا تێپەڕی....
بەو رۆژانەی....
ئێستاش هەنو
لەنێو جەنگێکی دژواردان
جەنگی کۆیلەو...
چینایەتیو خوێن مژین...
ئاخ رۆژانێك،
پڕ جیاوازیو توندو تیژین.